# گەڕانێک بە نێو هێڵە چنراوەکاندا

## خوێندنەوەیەک بۆ ئەزموونی هونەریی (سامان قادر)


ئازا حەسیب قەرەداخی

لە ژیانی هونەریمدا، ساڵی ١٩٧٩ ، دووەم پیشانگەی هونەریم لە سلێمانی بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند (سامان قادر) کردەوە، واتە ماوەی چل و شەش ساڵ زیاترە من و ئەم کەسایەتی و کارەکتەرە هونەرییە، ئاشنایی و پێکەوەیی هونەریمان هەیە. خۆشحاڵانە ئەم ئاشناییە، موتوربەیە بە ئاشنایی هاوڕێیانەی نەپساوە، بۆیە کە ئێستا لەبارەی هونەرەکەیەوە دەدوێم، دواندنێکی توێژاڵانەی ئێستایی نییە، بەڵکوو دواندنێکە هەڵگری بەدواداچوون و شارەزاییەکە، چل و پێنج ساڵە کەڵەکە دەبێت، ئەگەرچی دەزانم نە دەرفەتی بڵاوکردنەوە، نە حەوسەڵەی خوێندنەوە، لەم سەردەمە تێژتێپەڕەدا، بەرگەی لێکدانەوە و نووسینی درێژ دەگرن، نە خۆیشم دەمەوێ هێندە درێژ بنووسم کە سەرەداوی مەبەست و ئامانجەکەم لێ ون ببێت، بۆیە هەوڵ دەدەم لە کورتی بیبڕمەوە و بە پوختی مەبەستەکەم بگەیەنم.

لە یەکەم نیگادا بۆ کارەکانی هونەرمەند (سامان قادر)، بینەر ڕووبەڕووی جیهانێکی پڕ لە نهێنی و وردەکاری دەبێتەوە، جیهانێک کە تێیدا ڕەنگی ڕەش و سپی دەبنە زمانی سەرەکی بۆ گێڕانەوەی چیرۆکە ئاڵۆزەکانی ناخی مرۆڤ، (باسی ئەو تابلۆیانەی ناکەم کە ڕەنگ ڕۆڵیان لە پێکهاتەکانیاندا هەیە، ئەوەیان باسی دیکە هەڵدەگرن).

(سامان قادر) بە وردەکارییەک لە نێوانی هێڵ و پنت و بۆشایی و ڕووبەری ڕەش و سپی و خۆڵەمێشیدا، چیرۆکەکانی غوربەتمان بۆ دەگێڕێتەوە و لەوپەڕی میتۆلۆژیا و ئەفسانەوە تا ئەمڕۆ، مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و ڕووەک و ئاو و ئاسمان و بەلەم و چەکەکان دەهێنێ و دەبات و دەیەوێ پێمان بڵێ؛ ئێمە لەم ئاڵۆزییەدا دەژین و دەمرین. ئایا درکی پێ دەکەین، یان وەک بورغوویەکی ژەنگ گرتوو، بووینەتە بەشێکی لەبیرکراو؟

کارەکانی ئەم هونەرمەندە تەنیا وێنەکێشان نین، بەڵکوو جۆرێکن لە «چنین»ی هێڵەکان بۆ دروستکردنی مانایەکی قووڵتر.



سامان قادر

**یەکەم: تەکنیک و شێوازی کارکردن**

●زاڵبوونـی مۆنۆکـرۆم: زۆر لە مێـژە" بە دەگمەن نەبێـت" هونەرمەنـد بـە ئاگاییـیـەوە دەسـتبەرداری ڕەنگـەکان بـووە و تەنیـا پشـتی بـە (ڕەش و سپی) بەسـتووە. ئـەم تەکنیکـە هێزێکـی تایبـەت دەبەخشـێتە کارەکانـی. ڕەش وەک هێمایـەک بـۆ نهێنـی، خـەم، قووڵایـی و سـپی وەک هێمایـەک بـۆ هیـوا، ڕووناکـی و دەرکەوتـن. ئـەم دژبەرییـە (کۆنتراس)ـە تونـدە وا دەکات بینـەر ڕاسـتەوخۆ سـەرنجی بچێتـە سـەر فـۆرم و پێکهاتـەکان، نـەک ڕەنـگ.

دەتوانیـن ئـەم تەکنیکـە نـاو بنێیـن تەکنیکـی (هێڵـی زینـدوو)، یـان (هێڵـی چنـراو).

لـە تابلۆکانـی (سـامان قـادر)دا، هێڵـەکان تەنیـا بـۆ دیاریکردنی سـنووری جەسـتە، یـان فیگۆرەکان نیـن، بەڵـکوو خـودی جەسـتە و فیگـۆرەکان لـە نەخشـی ورد و پێچاوپێـچ دروسـت بـوون.

هونەرمەند جەسـتەی مرۆڤ دەکاتە «کانڤاس»ێک بـۆ نەخشـاندن، ئەمـە تەکنیکێکـە جەخـت لەسـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە «ناخـی مـرۆڤ لـە ڕوخسـاری ئاڵۆزتـرە، یـان لـەوەی بـە چـاو دەیبینیـن». ئـەم شـێوازە تـا ڕادەیـەک لـە کارەکانـی (گۆسـتاف کلیمـت) دەچێـت، بەتایبـەت لـە قۆناغـی زێڕینیـدا. کلیمـت جلوبەرگـی فیگۆرەکانـی پـڕ لـە بازنـە و سێگۆشـە و هێمـا دەکـرد، بـە جۆرێـک جەسـتە دەبـووە بەشـێک لـە دیزاینەکـە. سـامان قـادر هەمـان کار دەکات، بـەڵام بەبـێ ڕەنـگ. ئـەم هونەرمەنـدە بـە «تێکسـتچەر» قەرەبـووی ڕەنگـی کردووەتـەوە، بـەم کارەشـی وا دەکات ئێمـەی بینـەر وێنـەی ڕاسـتەقینە نەبینیـن، بەڵـکوو وێنـەی «خەیاڵ»ێکـی سـوریالی ببینیـن، کاتێـک ڕوخسـارەکان دەتوێنـەوە، دەبنـە بـەرد، یـان دەبنـە درەخـت، فۆرمێـک دەبینین بـۆ فۆرمێکـی دیکـەی جیـاواز لـە ئەسـڵەی خـۆی گۆڕاوە، یـان لـە ڕێـی چەنـد فۆرمێکـەوە، فۆرمێکـی دیکـە کێشـراوە، بـەم پرۆسـەی گۆڕانـە کـە تـا ڕادەیـەک لـە کاری (سـلفادۆر دالـی) و (جوزێپـێ ئارچیمبۆڵـدۆ) دەکـەن، کـە لـە ڕێگـەی کۆکردنـەوە و ڕێکخسـتنی شـتی جیـاواز پۆرترێـت و وێنـەی دەموچـاوی مرۆڤـی دروسـت دەکـرد، بەتایبەتـی میـوە، سـەوزە، گـوڵ، ماسـی و کتێـب.

سـامان قـادر دەیەوێـت بڵێـت مـرۆڤ جەسـتە و فۆرمێکـی جێگیـر نییـە و هـەر ئـەوە نییـە کـە لـە واقیعـدا دەیبینیـن، بەڵـکوو وزەیەکـی گـۆڕاوە. لەمەشـدا چەمکـی (یەکبوونـی بـوون– وحـدة الوجـود)، کـە لـە تەسـەوفدا بـاوە، دەبینینـەوە.

*** وردەکاری و پڕکردنەوەی بۆشایی**

لە تابلۆکانی سـامان قادردا، شـێوازێک دەبینین کـە هونەرمەنـد هەمـوو پانتایـی و گۆشـەیەکی تابلۆکـەی بـە هێـڵ، بازنـە، نەخشـی ئەندازەیـی و فۆرمـی ئۆرگانیـک پڕکردووەتـەوە.

یاریکـردن بـە بۆشـایی و پڕکردنـەوەی هەمـوو ڕووبەرەکـە بـە شـێوەیەک کـە نازانیـت کـوێ سـەرەتایە و کـوێ کۆتایـی، بەتایبـەت لـە گۆڕینـی


فۆرمێک بۆ فۆرمێکی تر، بریتییە لە سایکۆلۆژیای «ترس لە بۆشایی». لە دەروونناسیدا، ئاماژەیە بۆ مێشکێک کە هەمیشە چالاکە و «بێدەنگی» قبووڵ نییە. هونەرمەند دەیەوێت بەم وردەکارییانە پشێوییەکانی ناخی خۆی کۆنترۆڵ بکات. هەموو هێڵێک وەک «چەقاندنی بزمارێکە» بۆ جێگیرکردنی بیرۆکەیەک.

سامان قادر بە «ئاگاییەوە» و وەک تەکنیکێکی هونەری ئەمە بۆ گەیاندنی هەستی «جەنجاڵی ژیانی مۆدێرن»، یان «قەرەباڵغی یادەوەرییەکان» بەکاردەهێنێت. لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین: ئایا بینەر تاقەتی ئەوەی هەیە لە تابلۆیەکدا هێندە ورد ببێتەوە تا یەک یەک دەیان فیگۆری ورد و گۆڕاو ببینێت، پاشان لێکیان گرێ بداتەوە و بە بیرۆکەیەک، یان مانایەک بگات؟! ئایا ئەمە خەوشێکە لە تابلۆکانی سامان قادردا، یان تەکنیکێکە بۆ ئەوەی ئێمەی جەنجاڵ و قەرەباڵغیش لە ناخی خۆمان ورد بینەوە؟!

•هێڵکاری وەک زمان: تەکنیکی بەکارهێنانی قەڵەمی ڕاپید، یان مەرەکەب بە ڕوونی دیارە. لە هەندێک کاردا هێڵەکان لەسەر پاشخانی سپی دەکێشرێن و لە هەندێکی دیکەدا تەکنیکی هێڵی سپی لەسەر پاشخانی ڕەش بەکارهاتووە، کە وەک ئەوە وایە ڕووناکی لە تاریکییەوە هەڵێنجێنێت.

**• تەکنیکی «هەڵکۆڵینی ڕووناکی»**

تەکنیکەکە پێچەوانە دەبێتەوە، لەبری ئەوەی بە ڕەش لەسەر سپی بکێشێت، بە سپی لەسەر ڕەش دەردەکەوێت، ئەمە تەنیا گۆڕینی ڕەنگ نییە. کاتێک هونەرمەند بە قەڵەمی ڕەش لەسەر کاغەزی سپی دەکێشیت، «تاریکی» بۆ جیهان



زیاد دەکات، بەڵام کاتێک هێڵی سپی لەسەر پاشخانی ڕەش دەکێشیت، هونەرمەند خەریکی «دۆزینەوەی ڕووناکییە» لەناو تاریکیدا.

سامان قادر لێرەدا کە بە سپی لەسەر ڕەش کار دەکات، وەک «ڕێنیشاندەر»، یان «گەڕیدەی حەقیقەت» وێنای هونەرمەند دەکات.

**دووەم: ناوەڕۆک و سیمبۆلیزم**

•مرۆڤ و گۆشەگیری لە زۆربەی کارەکاندا، فیگۆری مرۆڤ چەقی بابەتەکەیە، بەڵام ئەم مرۆڤانە زۆرجار بە تەنیا، بە دانیشتنەوە، یان بە شێوەیەک دەردەکەون کە خەریکی بیرکردنەوەن، ئەمە گوزارشتە لە تەنیایی مرۆڤی مۆدێرن و گەڕان بەدوای خوددا. لەشەکان پڕن لە نەخش، وەک ئەوەی جەستە دەفتەرێک بێت، یادەوەری و ئەزموونەکانی لەسەر نووسرابێتەوە.

**• تێکەڵبوونی مرۆڤ و سروشت**

لە تابلۆکاندا، سەرێک، دەستێک، جەستەی مرۆڤێک دەبینین، کە بووەتە درەخت. چیایەک، دەبینین بووەتە مرۆڤ، ئاژەڵێک، باڵندەیەک،

بەردێک دەبینین، لەگەڵ یەکتر شوێن گۆڕکێیان پێ کراوە و هەمووشیان بۆ مرۆڤ، یان بە پێچەوانەوە گۆڕراون، ئەمە سیمبۆلیزمی پێوەندی ناوەکیی نێوان مرۆڤ و سروشتە، یان ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بەشێکە لە سیستمێکی گەورەتر و فراوانتر و ئاڵۆزتری بوون.

• **میتافیزیک و نهێنی**

ئەوەندەی من سامان قادر دەناسم، کەسێکی میتافیزیک نییە، بەڵام تابلۆکانی بۆ ئەو ئەتمۆسفیرە دەپەڕنەوە و ڕاستەوخۆ ئێمەی بینەر بۆ گەڕان بە دوای زانست، حەقیقەت و کردنەوەی دەرگە داخراوەکانی ژیان دەبات. لەناو ئەو هەموو قەرەباڵغییە ڕەش و تاریکەدا، کە ئاماژەیە بۆ نادیاری و نهێنی بوون، هەوڵ بدەین ڕووناکی بدۆزینەوە، یان بە پێچەوانەوە، بە ناو ئەو هەموو هێڵە تێکچڕژاوە سپییانەدا، بە دووی نهێنییەکانی تاریکیدا بگەڕێین.

کارەکانی سامان قادر تەنیا وێنەی جوان نین، بەڵکوو کتێبێکی والآن بۆ خوێندنەوە، هونەرمەند توانیویەتی لە ڕێگەی هێڵە ئاڵۆزەکانەوە، ئاڵۆزییەکانی ناخی مرۆڤ بەرجەستە بکات. ستایلەکەی تێکەڵەیەکە لە میتۆلۆژیا و هونەری فۆلکلۆری (بەهۆی نەخشەکانەوە) و هونەری هاوچەرخی دەروونی و سوریالیزمێک لە گۆڕینی فۆرمەکان بۆ یەکتر. هەر تابلۆیەک لە ناو مێشکی هونەرمەندەکەدا وەک نەخشەیەکە بۆ شارێکی ونبوو، کە بینەر بۆ دۆزینەوەی بانگهێشت دەکات.

هونەرمەند (سامان قادر) خاوەنی شێوازێکی تێکەڵە:

* لە تەکنیکدا: هاوشێوەی گرافیستەکانە.



* لە نەخشەسازیدا: هاوشێوەی کلیمێنتە.

* لە ناوەرۆکدا: هاوشێوەی سوریالیستەکانە.

ئەم تێکەڵەیە وای کردووە کارەکانی تەنیا وێنەیەک نەبن بۆ سەیرکردن، بەڵکوو وەک «مەتەڵ»ێک بن، کە دەبێت بینەر پارچە پارچە کۆیان بکاتەوە، پاشان لێکیان بداتەوە، تا بتوانێت لە کۆدا شییان بکاتەوە، ئەوجا بگاتە مانا.